# ئەحمەد کاکە مەحموود

## ئەو گەنجەی خەمی رابوونی ئیسلامیی و تەفرەقە پیری کرد!

**ڕەوەند هەورامیی**

(1)

**خەم خواردنی ئیسلام و موسوڵمانان**
**لە ناخی م. ئەحمەد کاکە مەحموددا**

بیرکردنەوەو خەم خواردن لە کاروباری موسوڵمانان هەڵقوڵاوی ژیانی تیۆریی و پراکتیکی پێغەمبەران و پیاوچاکانی مرۆڤایەتیە بە گشتی ، کە دەکرێت وەك پێشەنگێك و قودوەو ئوسوەی حەسەنە پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد ﷺ بکەین بەنمونە، ئەوە ئەو زاتەیە کە ئیمامی أبوبکر (رضی الله عنه) ڕووی تێدەکات و ئیبن عەبباس بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: ( یارسول الله ﷺ قد شیبت ، قال شیبتنی هود والواقعة والمرسلات وعم یتساءلون وإذا الشمس كورت ، أخرجه الترمذي وقال حديث حسن غريب . وە لە ڕیوایەتی تریشدا هاتووە ، کە دەڵێت : ( قال . قلت یا رسول الله ﷺ عجل الیك الشیب ، قال شیبتنی هود وأخواتها ، الحاقة والواقعة ، وعم یتساءلون ، وهل أتاك حديث الغاشية ! کە ( خازنی بەغدادی ) لە ( لباب التأويل في معاني التنزيل )دا بەوردی لەسەر ڕۆیشتووە. ج3/ص 176.

لە ناواخن و مەفهومی فەرموودەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ دەناسرێتەوە کە ئەبوبکر (رضی الله عنه) پرسیاری لێکردووە کە بۆچی وا زوو پیر بوویت ، یان کوێڕا تۆی گەنج، پیری سەری تێکردیت ؟ پێغەمبەریش ﷺ زۆر بەڕاشکاوانە پێی فەرموو: کە خەمی قیامەت، خەمی دین، خەمی نزای ئەو ئایەت و سورەتە پیرۆزانە کە تێکڕای خەم خواردن و مشور خواردنە لە کاروباری دنیاو دوا ڕۆژی موسوڵمانان، زاتێکی وەك پێغەمبەری ﷺ بەو گەنجیە پیر کردوە !

بەڵێ ، خەم خواردنی سەرکردەو زانایانی ئیسلام لە کاروباری موسوڵمانان ، لە صیفاتی پێغەمبەران بە گشتیی و پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ بە تایبەتی کە لەمانای



فەرموودەکەی سەرەوە لێی تێگەیشتین . چونکە هیچ کات هیچ زانایەکی سەرکردە ئەگەر بە خەمی گەلەکەیەوە نەبێت و بە خەمی شوێنکەوتوانیەوە نەبێت ، نەك هەر کاریگەری لەسەریان دروست ناکات، بگرە ناتوانێت خۆی لە نێو دڵیشیاندا جێگا بکاتەوە .

ئەوە لێوەشاوەیی و ڕاستگۆیی سەرکردەیەکی وەك دکتۆر ( نزار ڕەییان ) بوو ، کە کوڕە (18) ساڵەکەی خۆی ناردبوویە ( تەلئەبیب ) و ناوجەرگەی ڕژێمی زایۆنی، تا کردەیەکی ئیستیشهادی ئەنجام بدات، ئەو بوێریەو صیدقە بوو، وای لەگەل و موجاهیدینی غەززە کرد، بتوانن بەو ڕەقیە لە ڕووی هێرشە بێ ڕەحمانەکەی ڕژێمی زایۆنیدا بوەستنەوە، ئەگەر کەسێکی وەك (حسن نصراللە ) کوڕە ( 14) ساڵەکەی لەبەرەی جەنگی ئیسرائیلدا نەکوژرایە، هەرگیز خەڵکانی شوێن کەوتەی ئامادە نەدەبوون، ئەو دیفاعە موقەدەسە لەبەرامبەر ڕژێمی جولەکەدا ئەنجام بدەن، لێرەوەیە خەمی سەرکردەو زانا ئیسلامییەکان بۆ دۆخی کارکردنیان ڕوون دەبێتەوەو لێرەوە جێگا دەستی هەریەکەیان دەسەلمێت، کە تا چەند خەمخۆرو صادق بوون لەگەڵ ئەو واقیعەیەدا کە هێناویانەتە بوون ! کە هەر ئەو خەم و خەفەتەیش مامۆستای پیرکرد .

(2)

**م. ئەحمەد کاکە مەحمود و جەختکردنەوەی لەسەر برایەتی موسڵمانان و دووری لە تەفرەقە.**

دوای ئەو واقیعە تاڵەی هێنرا بەسەر ڕابوونی ئیسلامیی کوردستاندا بە گشتیی و بزووتنەوەی ئیسلامیی بەتایبەتی، تەنها سەرکردەیەك کە خەمی لەو واقیعە هەم لە ڕووی تیۆریی و هەم لە ڕووی پراکتیکییەوە دەخوارد، جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود بوو، یەکێك بوو لەوانەی تاسەر ئێسقان بڕوای بە برایەتی موسڵمانان هەبوو. ئەگەر چی زۆرجار بەرژەوەندی شەخسی خۆیشی بکەوتایەتە مەترسیەوە، کە ئەصڵەن لەم لایەنەدا باکی نەبوو، مامۆستا لە دوای ( ئینشیقاقەکەی ) ( 13/ی 5/ی 2001 ) تۆکمەترین و ستراتیژی ترین وتارو ڕاپۆرتی خۆی لە ژمارە ( 110) ی 6ی ئایاری 2002 دا لە ڕۆژنامەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا بلاوکردەوە ، بە ناونیشانی ( پاش لێکترازان و هەڵوەشانەوەی هێزەکانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی ...... بەرەو کوێ ؟!) لەم وتارەدا مامۆستا جگە لەهێنانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئایەت و فەرموودەی پێویست دەربارەی تەفرەقەو جیاوازی لە ئیسلامدا، مامۆستا بە پرسیارێك دەست پێ دەکات ، کە دوای ئەو ماڵوێرانیە هێشتا هەڵسوڕاوانی ڕابوون و بزووتنەوەی ئیسلامیی بیریان نەکردۆتەوەو نیازیان نییە بەخۆدا چونەوەیەك ئەنجام بدەن ؟ مامۆستا بە درێژی بەڵگەی قورئان و سوننەتی هێناوە لەسەر خراپی تەفرەقەو دواتر یاسایەکی ئوصولی گرنگ دەکاتە بنچینەی وتارەکەی . کە ئەویش دەڵێت : ( زاناکان یەك دەنگن لەوەدا کە لە کاتی گۆڕینی مونکەرو ناشەرعیدا نابێ خراپترو دژواتر ڕووبدات ... ئایا قۆناغی ئێستای ڕابوون پاش ئەو لێکترازانە خراپترنەبوو ؟!) کە لە وتارەکەدا ئاماژە بە زۆر خاڵی لاوازی دەکات لەوانە:

1- پارچە پارچە کردن و بێ هێزو بێ دەسەلاتکردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگەی مسوڵمانان، پاش بەهێزیی و بە توانایی قودرەت و دەسەلاتیان لەناوچەکەدا، دیارە ئەمەش هیچ گومانێکی تێدا نییەو زۆر بە ئاشکراو بەزەقیش دەبینرێ ، بۆ نموونە: تا یەکبوون، یەکریزو یەکپارچەو یەکبەرنامە بوو، هەموو هێزەکانیان پێکەوە بوون و یەك سەرکردەو یەك قیادەیان هەبوو، لە دەرەوە ناوەوە، حیسابی تایبەتی خۆی بۆ دەکرا. وەجێی ڕێزو حورمەتی هەموو لایەك و گشت لایەنێك بوو. گشت لایەنە سیاسیەکان بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە تەماشایان دەکردو، لە زۆربەی گۆڕانکاریەکاندا پرس و مشورەتیان پێ دەکرد، ئەمیش (واتە: یەکبوونی ئیسلامیی) زۆر لە مەرکەزی هێزو قووەتەوە هەموو لایەنە شەرعیەکانی بۆ دەخەملاندن و، زۆر بە ڕاشکاوی ڕاوبۆچونەکەی خۆی جێدەکردەوە و قالبێکی ئیسلامیی بەخۆیەوە دەگرت و جەماوەریش بەو ڕاستیەیان دەزانی و زۆر خۆشحاڵ دەبوون بەوەی موسوڵمانان جێگە دەستیان کردۆتەوەو، پاشان ئیسلامیەکانیش پێشێل ناکرێن و بێ حورمەتانە سەیر ناکرێن و موقەددەساتیان دەپارێزرێت و دەست درێژی ناکرێتە سەریان، ئەمە بۆ ناوچەکە! خۆ ئەگەر سەیرێکی هەندەرانیش بکرێت، دیسانەوە، ئەو حەقیقەتە وەك خۆر دیارو پرشنگدار بوو، چونکە موسوڵمانانی گشت ولاتەکان، چ

خەڵکانی خۆیان ئەوانەی لە کوردستانەوە دەچوونە هەندەران، شانازیان بەهێزو دەسەلاتێکی جیهادیی وەك هێزەکانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیەوە دەکرد .

لەم پەرەگرافەدا کە نزیکەی هەشت ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، مامۆستا مەلا ئەحمەد دەست دەخاتە سەر ئەوزامانەی کە لە ئەنجامی تەفرەقەوە دروست بوون ، ئەگەر بۆ ئەوکاتە کەمتر ئەنجامەکان دەرکەوتبن، ئەوا بۆ دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و تا ئێستاش بەڕوونی دەرەنجامەکانی هاتنەدی، بەندە بۆ خۆم سەرجەم مەکتەبی سیاسیی حیزبی پەرت بووی سەر یەکبوونم دیون، لەگەڵ تەنها ئەفسەرێکی ئاسایشی دەوڵەتدا کۆبونەتەوەو بەو پەڕی شانازی یەوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیانەوە بلاویان کردۆتەوە، مامۆستای خوا لێخۆش بوو، ئاماژە بەزۆر خاڵی گرنگ دەکات لە وتارەکەیدا کە بە وجودی ئەو هێزە جیهادیە سەرجەمی مسوڵمانان دڵخۆش بوون ، بەلام بەڕاستی دوای ئەو تەفرەقەیە نەك هەر دڵخۆشییان نەما، بواری ئەوەشمان نەما کە خەڵکی بانگ بکەین بۆ کاری ئیسلامیی، چونکە ڕووبەڕووی هەر کەس ببیتەوە، ئەو ئەزمونە شکست خواردوەت بە ناوچاودا ئەداتەوەو دەمکوتت ئەکات، کە ئەتوانین لەم ڕوانگەیەوە بڵێین لە ئەنجامی تەفرەقەدا پڕۆسەی بانگەوازخوازیش شکستی خوارد!

مامۆستا لە بەشێکی تری ئەو وتارە مێژوییەدا کە خاڵ بە خاڵی فەرمایشتەکانی هاتونەتە دی دەفەرموێت :

– بزووتنەوە لە نێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا جێ و ڕێزی تایبەتی خۆیی هەبوو، هەر بۆیە لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقیدا کرابوویە ئەندام و زۆر بە ڕێزەوە گوێی بۆ دەگیراو تەنانەت (بێل کلینتۆن) نەیتوانی لەو دانیشتنەی واشنتۆندا، وەلایان بنێ و پشت گوێیان بخات، ئەوەبوو لەو کاتەدا بزووتنەوە شاندێکی بۆ بەشداری ئەو گۆنگرەیە ناردو زۆر بەڕاشکاوی تەرح و پێشنیاری خۆی پێشکەشکردو خوێنرایەوە .

کەچی دوای ساڵێك لە نوسینی ئەو وتارە مێژوییەو هاوشان لەگەڵ هێرشی ئەمریکادا بۆسەر عێراق، کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لە (لەندەن) گیراو، هیچ لایەنێك لە لایەنە پەرت بووەکانی بزووتنەوە بەشداری پێ نەکرا. چونکە هێزو هەیبەتە جیهادیەکەی خۆی لەدەست دابوو، جگە لەوەیش کە دوای ئەو مێژووەش ئیتر ڕۆژە ڕەشەکان سەریان هەڵدا ، کە نوسینەوەی ئەو چەرمەسەرییەی بەسەریاندا هات، ئەگەر بنوسرێتەوە هەزاران لاپەڕەی دەوێت و سەرجەمیش لە دەرەنجامەکانی تەفرەقە بوو ! لە یەکێکی تر لەو خالانەدا مامۆستا دەفەرموێت :

– بێ هیواو نائومێد بوونی گشت مسوڵمانان – لە دەرەوەو ناوەوە لە ڕابوونەکە – کە بزووتنەوەی یەکبوون عەلەمداری بوو، من خۆم (واتە : مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود) جارێك لەزاری بەڕێز مامۆستا (صلاح الدين محمد بهاءالدين ) ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامیم بیست، گوتی: ئەم بزووتنەوە چەکداریە (عەلەمداری) گشت ڕابوونەکەی کوردستانە، بۆیە پاراستن و گەشەپێدانی زەرورەتێکی ئیسلامیە، بەندەیش (نوسەر) خۆم گوێم لێ بوو، کە لە ئاهەنگی یەکبووندا هەمان مامۆستا فەرمووی:(ئەم یەکبوونە چەندە گرنگە ، پاراستنی گرنگترە ) بەلام دیارە، وەك مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود دەفەرموێت: پاش ئەوەی توشی ئەوهەموو تەنگژەو هەڵدێرانە بوو، ئەو مافەی لەدەستدا!

خاڵێکی تر لە دەرەنجامی تەفەرەقە، کە مامۆستا باسی لێوە دەکات و کت و مت هاتونەتە دیی و پێویست بە قسەی زیاتر ناکەن، دەفەرموێت :

– کێ برکێ و پێشبڕکێ بۆ سەردانی ئەملاو ئەولاو هەلی خۆبردنە پێشەوەو خۆ گەورە کردن و بچووکردنەوەی لایەنی بەرامبەرو زۆر بەکەم نیشاندانی! هەڵبەت لە پاڵ ئەوەشدا دروستکردن و هەڵبەستنی دەیان و سەدان قسەی ناهەقی و نابەجێ بەرامبەر بەیەکتر، جگە لەوەش درکاندنی چەندین ئەسرارو نهێنی ئیش و کاری یەکتر، خراپتر لە هەمووان ئامارو سەر ژمێرکردنی ئەندامانی یەکترو پێشکەش کردنی بەو دام دەزگایەی، شتێکی بە دەستەو دەیەوێ خۆی بکاتە کوڕە گەورەی ئەو !

لە ڕاستیدا ئەم خالە زۆر لە جێگای خۆیایەتی، چونکە لە کاتی سەردان کردنی لایەنە پەرت بووەکاندا بۆلای دوو حیزبی دەسەلاتدار، لەلایەن ئەوسەرکردانەوە باسی ئەم گروپ بۆ ئەوی تر دەکرا، هەردوولا بوو بوونە جێی گالتەجارییان، تەنانەت جارێك مام جەلال بەیەکێك لە سەرکردە لە خۆبوردووە، خۆ بە سیاسی زانە

ئیسلامییەکانی وتبوو (ئەرێ: مامۆستا جاران دەشتی شارەزوور، شووتی دەهێنا، ئەمساڵ حیزبی ئیسلامی هێنا ؟!) بەو پەڕی گاڵتەجاڕیی و تەنزەوە. دیارە مام جەلالیش زانی بووی کە ئەو خاوەنی بێستان و ئەندازیاری ئەو هەمووە گروپە ئیسلامیەیە، کە ڕۆژانە لە ناوچەکەدا پورەیان دەدا!

ژمارەیەکی تر لە دەرەنجامەکانی تەفرەقە، وەك مامۆستا ئاماژەی بۆ دەکات بە درێژی بەلام ئێمە کورتیان دەکەینەوە، ئەوەیە کە :

– یەکتری تاوانبارکردن، بە عەمالەت و شوێنکەوتنی دوژمنانی ئیسلام ! کە لە ئەنجامدا ئەوەی لە لایەن هەندێك گروپە تەفرەقە کارەوە بانگەشەی بۆ دەکرا دەقاودەق و زۆر بەزیادیشەوە لەسەرخۆیان هاتە دی. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنەکاندا، گروپێکی ئیسلامیی لەگەڵ سەرجەم حیزبە عەلمانیەکان بە حیزبی شیوعیشەوە لە لیستی (730) دا بەشداری کرد، لە کاتێکدا پێشتر فەتوای کوفرو جیهادکردن لەگەڵ ئەو حیزبانەدا دابوو و خوێنی سەدان لاوی موسوڵمانانیان بەو فەتوایە بەرشتندا، کەچی سەرەرای بەشداری کردن، لێرەدا بۆ مێژوو دەینوسم، کە یەکێك لە سەرکردە ئیسلامییەکان وتی: ئەوەی دەنگ بە لیستی (730) نەدات ، ناتوانێت لەسەر پردی سیرات بپەرێتەوە، واتە دەچێتە دۆزەخ، لە کاتێکدا لەدەرەوەی ئەولیستەوە دوو لیستی ئیسلامیی تر هەبوون، ئەمە ئەوخاڵانە بوو، کە پێشتر خەڵکیان پێ تاوانبارو کافر دەکرد، کەچی زۆر بە توخ تر بۆ خۆیان هاتەدی

وبینیمان، بەلام لەوانەیە بۆ خۆم حەلاڵەو بۆ تۆ نازانم بێت.

خوا لێی خۆش بێت، مامۆستا ئەحمەد کاکە، زۆر زیاتری وتووە، لەوانە مامەڵەی ژیرانەی عەلمانیەکان لەگەڵ لایەنە پەرت بووەکاندا، تا زیاتر تۆوی تەفرەقەو ڕق و قینە لە نێوانیاندا بچێنن و کارەکەیشیان سەری گرت و هەوڵدانیان بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانیاندا، ئەویش جێ بەجێ کراو خوێنی کە سێکیشی تیا ڕژا، وە هەروەها ئەوانەیش کەجیابوونەوە لەسەر کۆمەڵێك بیانوو، ئێستا بە زەق تر لە خۆیاندا دیارەو دەیان خاڵی تر کە سەرجەمیان هاتوونەتە دی و باسکردنیان و شرۆڤەکردنیان لەلایەن مامۆستاوە ئەو پەڕی خەمخۆری ناوبراو بوو بۆیە یەکریزی مسوڵمانان و، لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکەیشیدا بەرنامە بۆ برا بوونەوە دادەرێژێت، بەلام بەداخەوە لەبەرئەوەی سەری نەگرت، ئێمەش ناچینە ناو ئەو وردەکارییانەوە .

بەندەیش دوای ساڵێك لەو وتارە مێژووییەوە لە بەرواری 25م2003/2 و لە ژمارەی (145) ی ڕۆژنامەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا وتارێکم نوسیووە بە ناونیشانی (دەخیل کوڕ گەل وەحدەت صەف بپارێزن) و شەرمی ئەو فەرمایشتەی پێشەوای ڕابوونی ئیسلامیی مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزم تێدا کردووەو باسی ئەو وتارەی ساڵی ڕابردووی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمودم تیادا کردووە، واتە: پێش کەمتر لە مانگێك لە هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هەورێکی ڕەش بە

ڕێوەیە هەموتان قوت دەدات ، بە پەلە ببنەوە بە (برا)، کەچی ئەویش گوێی لێ نەگیراو هەموویان چوونە مێژووەوە !

(3)

**ئەحمەد کاکە مەحمودو پرۆسەی جیهاد لە کوردستانی عێراق.**

ئەو ڕۆژانەی کە مامۆستا ئەحمەد بەرنامەی کاری جیهادی تیادا داڕشت، ووردە ووردە خەڵکی بۆ دەور کۆکردەوە، ڕۆژانی زێڕینی ژیانی ئەو کەڵە پیاوە بوون، ئەو ڕۆژانە بوون، کە لە شارۆچکەی سیروان، وتارەکانی دەخوێندەوە سەدان گەنجی دڵ پڕ لە ئیمان و بوێر لەملاو لەولاوە خۆیان دەگەیاندە وتارەکانی مامۆستاو جگە لەوەش ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێك بوون کە قەڵەمی مامۆستا ئەسپی لێ تاودا بوو و کتێب لەسەر کتێب بڵاوی دەکردەوە، تەنانەت باسەکانی ئەوەندە زیندوو بوون، مامۆستای گەورەو عەللامەی ڕێزداری گەلی کورد جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس، وەك زۆرکەس دەیگێڕنەوە، دەیفەرموو : ئەو کتێبانەی مەلا ئەحمەد چاپ بکەن ، ئەوانە زیندوون ! ! !

ئەو ڕۆژانەی کە مامۆستا بەرنامەی بزاڤێکی جیهادی کەوتە مێشك، ڕۆژە زێڕینەکانی ژیانی ئەو بوون، ئەگەر مەلایەك یان سەرکردەیەکی تر لە نائومێدیی و بێ جێ و ڕێیدا ڕێگای ئاوارەیی و دەربەدەری ئێرانی گرتبێتە بەر، ئەوا مامۆستا ئەو هەمووە چالاکیی و نازونیعمەتەی بەجێهێشت، بۆ ئەرکێکی گرنگتر، بەلام تەواو سەخت و دژوار، ئەویش پرۆژەی جیهاد بوو لە کوردستانی عێراق، دژ بە ڕژێمی بەعسی عەلمانی

كافرو دوژمنانى ئيسلام ! بۆيە جێى خۆيەتى ئەگەر لە هەموو كەس زياتر بە هەڵوەشانەوەى ئەو هێزە جيهادييە بێ تاقەت بوو بێت، چونكە ئەگەر كەسانێك خۆيان لە پاڵيدا گەورە كردبێت و خزمەتى خۆيانيان كردبێت، ئەوا مامۆستا زۆر شتى بەو پرۆژەيە بەخشى، هەر لە مينبەرو كتێب و نوسين و چەندەها شتى تريش، بەلآم بە داخەوە، بەهۆى خيانەتى خراپەكاران و نا حاڵى يانەوە، هيچى لەبەرهەمى پرۆژەكە كۆنەكردەوە، جگە لەخەفەت و غەمى ئەو راپونە ئيسلاميە، بەلآم پشت بەخوا قيامەتێكى گەورەى پێ كڕيوە !

لێرەوە خەمى ئەو مامۆستا بەرزە دەردەكەوێت، كە بۆچى هێندە پەرۆشى ئەو هەرەسە گەورەيە بوو، بێگومان كەسێك لە پێناو كارێكدا زياتر ماندوو بووبێت، زياتر خەم و خەفەتى بۆ دەخوات، سەرجەم ئەو شەڕو ئاژاوانەى توشى ئەو بزاڤە دەبوون، مامۆستا لەگەڵ موجاهيديندا ئامادەى بوو، سەركردەى زۆريش لە مەريوان و پيرانشەهرو شارەكانى ديكەى كوردستانى ئێران، باسى ئەحكامەكانى حەيزو نيفاسيان دەنوسييەوە، ئيتر چۆن و بۆچى خەم بۆ لەناوچونى ئەو پرۆژە جيهاديە بخۆن ! !

(4)

**ئەحمەد كاكە مەحمود و نەويستنى بەرپرسيارێتى..**

زۆرينەى گرفتەكان لەناو حيزبە ئيسلامييەكاندا كێشەى دەسەلآت و كورسى بووە، هەر لە ئەفغانستان و جەزائير تا كوردستانى خۆمان، ئەگەر بە وردى بچينە ناو هۆكارەكانى (ئينشيقاقى) 2001/5/31 يش دەردەكەوێت، كە تەنها هۆكارى گەورە حەزى كورسيى و بەرپرسياريەتى بوو! بەلآم جيا لەو سەركردانە مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمود جۆرێكى تر بيرى دەكردەوە، بەندە بەباشى لە بيرمە كە لە رۆژى ئيعلان كردنى كۆمەڵى ئيسلاميدا، رۆژى جومعە لە (ئەحمەد ئاوا) مامۆستا عەلى باپير وتارى خوێندەوە كە زياترو تارێكى سياسى بوو و دواتر بە كەناڵەكانى ڕاگەياندندا بلآوكرايەوەو وەك راپۆرتێك وابوو، بۆ هۆكارەكانى ئيعلان كردنى كۆمەڵ و ڕودانى تەفرەقە، ديارە لەوكاتەدا تەنها سەركردەيەك كە زياتر بەخەمى ڕونەدانى ئەو (تەفرەقەوە) بوو، جەنابى ( مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمود ) بوو، لە وتارەكەدا مامۆستا عەلى باپير وتى: ئێمە وەك بوهتانمان بۆ دەكرێت، كە بۆ بەرپرسيارێتى ئەم كارەمان كردووە، وانيە، ئەوەتا لە كۆبوونەوەى چەند رۆژەى پێشتردا لە ( بنى پەڵگ ) داوامان لە مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمود كردووە ، كە ببێتە ئەميرى كۆمەڵى ئيسلاميى!

ديارە ئەو خەڵكانەى بە فيكەيەك و بە قورميشى دەوڵەتانى ئيقليميى ڕۆشتن و پۆستێكى قابڵۆخييان پێدرا، زۆر پێش ئەوان مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمود (موعەزەزو موكەڕەم) داواى ئەوەى لێكرا بوو ئەو پۆستە وەربگرێت، بەلآم ئەوتەرەفەو خەڵكى تريش نەياندەزانى خەمى ئەحمەدى كاكە مەحمود كورسى نيە، ئەو خەمى پرۆژەى ئيسلاميەتى لە كوردستان و هيچى تر ! هەروەها لە كاتى يەكگرتنى نەهزەى ئيسلاميى و بزوتنەوەدا، كە لەوێش ديسانەوە گرفت لەسەر دەسەلآت و كورسى پەيدابوويەوە، (كاك حاجى كەمال ڕەحيم ) دەڵێت: تەنها كەسێك كە ئامادەيى هەبوو واز لە پۆست و دەسەلآتەكەى بهێنێت و بە ئاشكرا هاوارى كرد جەنابى مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمود بوو، وتى: من واز دەهێنم با كەسێكى تر لە جێگاكەم دابنرێت و مەيكەن بە موشكيلە ! تەنها لەبەرئەوەى پرۆژەيەكى خواويستانەى وەك برايەتى مسوڵمانان و (يەكبوون) سەربگرێت، بەلآم دڵێكى پاكى وەك مامۆستا ئەحمەد لەوكاتەدا چوزانێت، خەڵكى تر، لە دڵێكى ميكرۆباويى و ڤايرۆساوى بە حەزەكانى شەيتانەوە بير دەكەنەوەو ئەوانە داواكارى خوا (بە برايەتى مسوڵمانان) بەجێ ناهێنن و مەبەستى تريان هەيە ! !

(5)

**ئەحمەد كاكە مەحمود و ناڵەباريى و كۆسپ و بێوەفايى ژيان بەرامبەرى**

ژيانى دونيا بەرامبەر بە زاناى خوناس و مسوڵمانى ڕاستاڵ زياتر بێ وەفايە، بەلآم چەرخى ژيانى هەندێ كەس لە ئەزەلدا وا نوسراوە كە زياتر ژيانى گرفتاويى و دژوار بێت بەرامبەريان، بەندە بە ئەو ئەزمون و تێڕامانەى پێى گەيشتوم، وا ئەزانم، لە زەمەنى نزيكدا چوار عەبقەريى و زاناو خوناس و سەركردەو سياسەتمەدار هەن لە نێو كورددا كەژيان بوارى نەدان پرۆژەكانيان بە ئەنجام بگەيەنن، زۆرى تريان مابوو

ئەنجامی بدەن، پڕۆژەی زیاتر مابوو کامڵی بکەن، بەڵام سەد مەخابن نالەباریی و سەختی ژیان و کورتی تەمەن وای کرد کارەکانیان بە نیوە چڵی واز لێبهێنن و هەزاران هەواداریشیان بەو پەڕی بێ نازییەوە بەجێبهێڵن، لێرەدا بە کورتیی و بە گوێرەی پێشتر وەفات کردن لەسەر ئەو کەسانە، ئەدوێم، کە ئەوانیش مامۆستایان : مامۆستا محمدی ملا صالحی شارەزووری، مامۆستا ناصری سوبحانیی و کاك ئەحمەدی موفتیزادە، مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحمودن .

1- مامۆستا محمدی ملا صالحی شارەزووری: نوسەرو سیاسەتمەدارو فەیلەسوف و پێشەوا، ئەم مامۆستا بەرزە لە گەرمەی هێرشی فیکری چەپ و کۆمۆنسیتەکاندا ژمارەیەك کتێبی چاپ کرد کە بوونە چرای ڕوناکی سەر ڕێگای هەزاران گەنجی مسوڵمان و بەو کتێبانە چاوی کۆمۆنیست و ناحەزانی پتر کوێر کرد، کە دەکرێت وەك پێشەوای ئەو ڕەوتە حیساب بکرێت، کە بەرپەرچی چەپەکانی لەو زەمەنەدا دایەوەو لە ناواخنی کتێبەکانییەوە، ئەوەیش دەکرێت وەك موفەکیرو فەیلەسوفێکی ئیسلامی ناوی تۆمار بکرێت و ئەمەو جگە لە وتارە بەهێزەکانی، کە خوانی ڕۆحی هەزاران گەنجی مسوڵمان بوون و دواتر لە بەرنامەیدا هەبوو بزاڤێکی ئیسلامیی چەکدار دروست بکات کە هێشتا دروست نەبوو بوون و دەیان پڕۆژەی ڕەسەنی تر، بەڵام بەداخەوە کە بە ڕوداوێکی دڵتەزێن، لەناوچە موحەڕەمەکانی پێشوودا بە پلەی بەرزی شەهادەت گەیشت و لە گۆڕستانی (سیدصادق) ( في مقعد صدق عند مليك مقتدر ) ئەسپەردە کرا، کە خوا زاناترە بەڵام ئەگەر ژیان بە دەمیەوە بوایە، مامۆستا موحەممەدی شارەزووری ئێستا سەدان پڕۆژەی جوانتری بە ڕابوونی ئیسلامی کوردستان بەخشی بوو !

## لە تەنگژەکانی بزووتنەوەدا داوا لە مامۆستا دەکرا پۆستی باڵا وەربگرێت بەڵام ئەو تەرەفانەو خەڵکی تریش نەیاندەزانی خەمی ئەحمەد کاکە مەحمود کورسی نییەو خەمی ئەو پڕۆژەی کاری وەستێنراوی ئەم ئیسلامەیە

2- مامۆستا ناصری سوبحانی : زانایەکی پایەبەرزی بونیانگوزاری مەدرەسەی قورئان لە شارستانی پاوە، سیاسەتمەداری کوردستانی ئێران، لە ماوەیەکی کەمی ژیانیدا هەزاران کاسێتی پێشکەش بەڕابونی ئیسلامیی کردو جگە لە چەند نامیلکەیەك، ئەو ڕۆژانەی ئەو تیایدا ژیاوە، سەرجەمی وەك ژیانی مامۆستا ( ئەحمەد کاکە مەحمود ) ئاوارەیی و دەربەدەریی و زیندان و کوێرەوەری بووە، ئەوە بەسە بۆ ئەم باسەمان، کە جەنابی ( مامۆستا کرێکار ) دەربارەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود دەفەرموێت : ( ئەحمەد کاکە مەحمود ناصری سوبحانی) ئێمەیە، دیارە ئەوەی سبحانی نەناسێت، لەگەورەیی ئەم قسەیە تێناگات، چەرخی دژواری ڕۆژگار مامۆستا ناصری سوبحانی توشی هەزارەها مەینەت کردو دواجار بەلەسێدارەدان کۆتایی بەژیانی هات، ئەویش سەدان پڕۆژەی نیوە چڵی بەجێهێشت و تائێستاش کوردستانی ئێران وەبگرە جیهانی ئیسلامیی تالاوی جێگا خاڵیەکەی سوبحانی ئەنۆشن.

3- کاك ئەحمەدی موفتی زادە : فەیلەسوف و زاناو شەرعزان و سیاسەتمەدار، ئەم زاتەیش لەوپەری ناسیۆنالیستیەوە گەیشتە ئەوەی کەتەنها ئیسلام چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی ژیانەو بەو بۆنەیەوە (مەکتەبی قورئانی ) دامەزراند، وە بەو هۆیەوە توشی گرفت و مەینەتی زۆرهات و زیاتر لە هەشت ساڵی تەمەنی لە زینداندا بردەسەرو، جۆرەها دەردی سەری تر، بەڵام ئەویش لەگرفتەکانی ژیان زۆر گەورەتر بوو، هەزاران کاسێت پێشکەش بەڕابوونی ئیسلامیی کردو مەدرەسەیەکی قورئانی درووست کرد، کە تائێستاش خەریکی پەروەردە کردنی هەزاران گەنجی موسڵمانە، دواتر لە ژێر کاریگەری ئەشکەنجەو ئازارەکانی زینداندا، هاتەوە ماڵەکەی خۆی لە شاری سنەو دوای نزیکەی (سێ) مانگ کۆچی دوایی کرد. ئەم زانا بەرزو سیاسەتمەدارە گەورەیەش ئەو هەموو کاتەی زیندان و زوو ڕۆشتنەوەی بۆ ژیانی هەرمان، زۆر پڕۆژەی بە نیوەیی بەجێهێشت و ئێستا هەوادارانی زۆر بێ نازانە، بەڵام

بە عەزم و جەزم سەرقاڵی درێژە پێدانی ڕێگاکەی ئەون، خوداش زاناترە، بە وجودی موفتیزادە لەمڕۆدا زۆرگرفتی ڕابوونی ئیسلامیی چارەسەر دەکران و پڕۆژەکانی خۆیشی ئێستا زۆر لە پێشترەوە بوون !

4- مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود : جگە لە ئاوارەیی و دەربەدەری لە هەورامانەوە بۆ پێنجوێن و دواتر دیسانەوە بۆ هەورامان و شارەزوور و هەڵەبجە و ئێران و دەیان جێگای جۆر بەجۆری تر، جگە لە گیران لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی عەلمانیداو جگە لە ئاژاوە نەبێت بە مامۆستاو بزاڤە جیهادییەکەی لە کوردستانی عێراق گێڕدران و چەندەها نەهامەتی تریش، تەنها سەیرێکی تەفسیری (ڕامان) بکەیت، دەزانیت، بەردەوام ژیانی ئەم زاتە لە چ جێ گۆڕکێ و ئەملاو ئەولایەکدا بووە، هەر سورەتەو بگرە جارجار هەر ئایەتەیش لە جێگاو ناوچەیەکدا تەفسیرکراوە، ئەمەش گەورەترین خاڵی ناسەقامگیری بێوەفایی ژیانە لە هەمبەر مامۆستادا، ئەم زانایە لەو حاڵە دژوارە ئەم هەمووە کتێب و ئەو تەفسیرە ناوازەی پێشکەش کرد، کە بۆ هەتایە لە کتێبخانەی کوردیدا بە پرشنگداری دەمێنێتەوە، جگە لەوەیش خیانەت کران لەو پڕۆژەیەی کە مامۆستا دەیان ساڵ بوو بە دڵ و بە گیان خزمەتی دەکرد، کەپڕۆژەی جیهاد بوو، ئەوپەڕی خاڵی بێ تاقەتیی و ناڕەحەتی لەسەر دڵی ئەم زانا گەورەیە دروست کرد، بە جۆرێك سەراپای کاتەکانی ژیانی داگیر کردبوو، لەو حاڵە دژوارەدا کە مەگەر هەرخۆیی و دۆستانی نزیکی بزانن، چۆن بووە، ئەم پڕۆژە گەورانەی پێشکەش کرد، دەبێت ژیان لەبارتر بوایەو تەمەن ( کە زۆریشی بە بەرەوە مابوو )، درێژتر بوایە، ئایا چەندەها پڕۆژەی گرنگ و جوانتری پێشکەش نەدەکرد ؟!!

- ماوەتەوە بڵێین: ( مامۆستا موحەممەدی مەلا صاڵحی شارەزووریی و مامۆستا ناصری سوبحانیی و پێشەوای شەهید کاك ئەحمەدی موفتیزادەو مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود ) ئەگەرچی پڕۆژەی زۆر گەورەو ستراتیژیی و جوانیان پێشکەش بە ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان کرد، بەلاّم نابێت، توێژەرو شایەتەکانی وا بزانن، ئەو پیاوانە هەر ئەوەیان بووەو تەواو ! هەرگیز ! بزانە ئەو زاتانە ژیان بە بەریەوە بوایە، زۆر گەورەتر، خاوەن بەرهەم تر، دەچوونە مێژووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە هەموومان هەست بە بۆشایی جێگای ئەو زاتانەو بەتایبەتی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود بۆئێستای کوردستانمان و بەتایبەتی بۆ بزاڤە ئیسلامیەکەمان دەکەین، بەلاّم بە هەموو قەدەرێکی پەروەردگاری مەزنیش ڕازین، بۆیە بەڵێ مامۆستا وەفاتی کرد ، بەلاّم سەدان پڕۆژەی گەورەی جەنابیان، ئەو بە زیندویی دەهێڵنەوە !

فسلام علیه یوم ولد ویوم مات و یوم
یبعث حیا .



وێنەی مامۆستا لە گوندی یالانپێ